دادگای سلێمانی بکوژی خواناس وریا بە زیندانی هاتاهەتایی سزادا

ئەمە سەشەمە، دادگای سلێمانی بکوژی خواناس وریا بە زیندانی هاتاهەتایی سزادا.

خواناس وریا، شانۆکار و هونەرمەند لە ڕۆژی 22ـی حوزەیرانی 2023 لەناو بازاڕی چەمچەماڵ درایە بەر دەستەژی گوللە و گیانی لەدەستدا.

پێشتر لەمانگی چواری ڕابردوو، بکوژ لە دانیشتنی دووەمی دادگا گوتبوی: هیچ کەس هانی نەداوم بە ئەم کوشتنە تەنها خۆم بووم و بە تەنها بیرم لێکردەتەوە و بە تەنها تاوانەکەم ئەنجامداوە.

لە کۆتاییدا، ئەمڕۆ سەشەمە (25ـی حوزەیرانی 2024، دوای ساڵێک لە تیرۆرکردنی شانۆکار خواناس وریا گلی، لە دادگای سلێمانی تەمەتباری سەرەکی کوشتنی سزای زیندانیی هەتایی بەسەردا سەپێنرا.